**شکاندنی گلۆپە زەردەکە و گۆڕینی هاوکێشە**
**ئازاد مستۆفی**

**پێش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی تورکیا، هێزەکوردستانییەکانی باشووری کوردستان و هەروەها دەوڵەتی تورکیا و پارتە دەسەڵاتدارەکەی واتە ئاکەپە، پلان و بەرنامە و ئاخافتنێکی جیاوازیان لەگەڵ کوردەکانی باکووردا هەبوو. بەڕێز تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق راستەوخۆ داوای لە گەلی کوردی باکوور دەکرد دەنگی خۆیان بدەنە ئاکەپە و پڕوپاگەندەی بۆ دەکردن و بگرە لە دواسەفەرەکی تورکیاشیدا گوتی پەکەکە یان دەبێت چەکدابنێت یان دەبێت لە خاکی عێراق بچێتە دەرەوە. لێرەدا من ئەو پرسیارەم لە سەرکردەکانی کوردستانی باشوور هەیە ئایا رزگاری باشوور لە سنوورەکانی قەندیل و رۆژهەڵاتەوە نەبوو؟ ئایا بە ماچ رزگاریان کرد یان بە هێزی چەک؟ هەروەها سەرکردەکانی کوردستانی باشوور چونکە پێیان وابوو پرسی کورد لە باکوور وەنەوز دەدات، ئەو دەنگۆیەیان وەگەڕ خستبوو بەستنی "کۆنگرەی نەتەوەی کورد" لە هەولێر دەسپێکێک بێت بۆ چەک داماڵینی هێزە کوردستانییەکانی باکوور و رۆژهەڵات و هەرچی زیاتر ئەوان بخەنە ژێر رکێفی خواستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. لەلایەکی دیکەیشەوە دەوڵەتی ئیسلامی ئەردۆغان و گویل کە فتوای کوشتنی منداڵ و گەنج و پیری گەلی کوردیان لە باکووری کوردستان دەردەکرد و لە خۆپیشاندانەکانی کوردستاندا عبداللە گویل تەنانەت حوکمی بەزەی نەهاتن بە منداڵی کوردیشی دەرکرد و لە وتارە سیاسییەکانیاندا درووشمی فاشیستی یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت، یەک ئالایان بەرزدەکردەوە، بە نێزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، بۆ راکێشانی دەنگی کورد لە باکووری کوردستان تەلەفزیۆنی تی ئار تی شەش (کوردی)یان دانا و دەستیان دایە هەندێک خزمەتگوزاری لە شارە هەژار و کەم داهاتەکانی کوردستان و کەلوپەلی ناوماڵیان لە نێو ئەو خەڵکەی هەتا دوێنێ بە هۆی کوردبوونیان تەفروتونا و قەتلوعامیان دەکردن، بە فرەوانییەوە دەبەخشی.**
**دەوڵەتی ئاکەپە لە کێشە سیاسییەکانی ناوخۆدا بۆ ڕوویی دەرەوەی تورکیا واتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپایی و هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وای دەنواند کە بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا ئەو بەرپرسیارە و مەخابن ئەو لایەنانەش باوەڕیان بە ئاکەپە هێنابوو و چاوەڕێی ئەوەشیان دەکرد پاش سەوکەوتنی ئاکەپە لە دوا هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ناوچەکانی کوردستانی باکوور، گوشارەکانیان بۆ خواستە نەتەوەییەکانی کورد لەو بەشە داگیرکراوەدا بەرزتر و توندتر بکەنەوە. هەفتەی رابردوو بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا و بەدەستهێنانی رێژەی بەرچاوی دەنگ لە ناوچە کوردنشینەکاندا لەلایەن دەتەپەوە، لە کاتێکدا پارت و لایەنە سیاسییەکانی تورک، میدیا و دامودەزگاکانی دەوڵەتیی و سوپا، هەوڵێکی گەلێ بەرفرەوانیان بۆ وەچنگ خستنی دەسکەوتەکانی دەتەپە دەدا، ئاکەمەکان ئەو راستییەی سەلماند گەلی کورد لە باکوور بەرەو وشیاری نەتەوەیی دەڕۆن و**

خزمەتگوزاری ئاوەدانی و دانانی تەلەفزیۆنی دەوڵەتی و بەخشینی کەلوپەلی ناو ماڵ بۆ وەدەستهێنانی دەنگ هەرگیز ناتوانێت کێشەی سەرەکی ئەوان واتە کێشەی شووناس چارسەر بکات.

لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی ئاکەپەدا هەموو فرت و فێڵ و ریا و تەزویر و تەقیە و هەڕەشە و هێرشێک بۆ لە ناوبردنی مافی کوردبوون لە تورکیا بە پشتیوانی سوپاوە بەڕێوەچوو بەڵام نەیتوانی سەرکەوتن بەدەس بێنێت. چونکە خەڵکیی بۆیان روونبۆوە با ئاکەپە ئیسلامیش بێت با لە سەرەتای هەڵبژاردندا رایانگەیاندبێت پرس و کێشەی کورد لە تورکیا بە پرس و کێشەی خۆیان دەزانن بەڵام عەرەب و عەجەم جێی متمانە نەبوونە و نابن. عەرەب و عەجەم هەتا ئەوکاتەی لە دەسەڵاتدا نین لە سەنگەری کوردەوە و بە هەزینەی کوردەوە بۆ بەدەستهێنانی خواستە هاوبەشەکان دەجەنگن بەڵام کە سەرکەوتن هەمان سەنگەر بۆردوومان دەکەن و پشت دەکەنە ئەوەی بەڵێنیان دابوو. مێژوویی کورد و خەبات دژی داگیرکارانیی سەلمێنەری ئەو راستییەیە. سەرکەوتنی دەتەپە لە کاتێکدا، لە هەڵبژاردنی پێشوودا بە هاوبەشی لەگەڵ پێنج حزبی سیاسی بەقەدەر هەنووکە رێژەی بەدەست نەهێنابوو، ئەو خەونەی لە دەروێشەکانی فەتحوڵا گولەند و ئاکەپە زڕاند کە ئەوان کورد لە چوارچێوەی تورکیای ئاتاتورکدا پێناسە بکەن.

بەشێک لە گرنگی ژێئۆستراتێژییەتی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی دەوڵەتێک لە ناوچە بە ناوی کۆماری ئیسلامی ئێران. هەتا ئێران درێژە بە تەمەنی بەمشێوەیەی خۆی بدات دیارە تورکیاش هەر گرنگی ژێئۆستراتێژییەتی خۆی لەدەست نادات. ناتۆ، یەکێتی ئەورووپا و هەروەها ئەمەریکا لە نەبوونی ئێرانێکی دیموکراتدا پێویستییان بە تورکیایە. دیارە ئەگەر تورکیاش دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و نەخشی خۆی لە ناوچە و جیهاندا بنوێنێت و بگۆڕێت هەروەها کە پێشتریش شرۆڤە سیاسییەکان باسیان لێوە کردووە هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نیە بێجگە ئەوەی دان بە خواستەکانی نەتەوەی کورددا بنێت و بە دیالۆگ کێشەی کوردی باکوور چارەسەر بکات. ئەرگەنەکۆن، ژیتەم، میت، سوپای مودێڕن و بێبەزەیی هیچکام نەیانتوانی پرسی کورد لە باکوور چارسەر بکەن چونکە کورد لە گیانفیدایی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ناسڵەمێتەوە و گرتن و کوشتن و تیرۆر و ئێعدام پتر بۆ درێژەی خەبات دەیهەژێنێت. بۆیە دەوڵەتی تورکیا ناچارە دەتەپە لە گۆڕەپانی سیاسییدا وەربگرێت و واز لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بە دژی کورد بێنێ. دیارە ئەوەش هەلێکی زێڕینە بۆ گەلی کوردی باکوور کە لەو چووکە دیموکراسییەی تورکیا کەڵکی پێویست وەربگرن و خۆیان کاریگەر بن لە دیاریکردنی چارەنووسیان. چونکە هەروەها کە دیتیان پاش بەڕێوەچوونی ئەم دواهەڵبژاردنە، ئەوانەی بەشداربوون لە پلانەکەی ئاکەپەدا بەخۆداچوونەوە و چەکدانانی پەکەکەیان بە شێواندنی قسەکانیان لەلایەن میدیای تورکییەوە وەسف کرد هەروەها سەردانی ئۆباماش بۆ تورکیا هەلێکە کورد دەتوانێت بۆ دەربڕینی مافەکانیی بیقۆزێتەوە.